DOI: https://doi.org/10.54809/jkss.vi11.355

گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتییجیی

Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# هەڵسەنگاندنی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان لە شاری دەربەندیخان لە رووی ژمارە و چڕییەوە

**م.ی.ئەژین کەریم محمد**

بەشی جوگرافیا،کۆلێجی پەروەردە،زانکۆی گەرمیان،هەرێمی کوردستان،عێراق

azhinkarim988@gmail.com

**م.ی.هاوژین ئەحمد ڕەشید**

بەشی گەشەپێدانی مرۆیی، کۆلێژی پەروەردەی شارەزوور، زانکۆی هەڵەبجە

hawzhenahmed988@gmail.com.

**پوختە:**

ئامانج لەم توێژینەوەیە دەرخستنی شێوازی دابەشبوونی خزمەتگوزارییە خۆشگوزرانییەکانە لە شاری دەربەندیخان دا، هەروەها هەڵسەنگاندنی ئاستیان و خەمڵاندنی پێداویستییەکانی شارەکە بۆ ئەم جۆرە خزمەتگوزرارییە. بۆ گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە، لە سەرەتا کۆکردنەوەی داتا لە رێگەی سەرچاوەی فەرمیی و رێکخراوەکان جێبەجێ کراوە ، پاشان دەرخستنی ئەنجامەکان لە شێوەی خشتەی جۆراوجۆر، هەروەها وەرگرتنی داتای شوێنی ناوەندەکان لە رێگای بەکارهێنانی بەرنامەکانی (Google pro earth) و دووبارە رێکخستن و نیشاندانیان بە شێوەی نەخشە لە رێگەی بەکارهێنانی سیستەمی زانیارییە جوگرافییەکان (GIS)، دواتر هەڵسەنگاندنی ئاستی ئەم خزمەتگوزاریی یانە و دیاریکردنی پێداوستییەکانی شارەکە بە پێی پێوەرە ستانداردەکان بۆ هەریەکەیان خراونەتەروو. لە کۆتایدا توێژینەوەکە گەیشتووە بە کۆمەڵێك دەرئەنجام لەوانە چەندین ناوەندی خۆشگوزەرانی بەپێی پێوەرەکان لە ئێستادا لە رێژەی پێویستیی دانیشتوان زیاترن، بۆ نموونە (٧) کافتریا زیادە و (٤) رێستۆرانت و (٢) هۆڵی لەشجوانیی، هەروەها تا رادەیەک ناهاوسەنگیی هەیە لە دابەشبوونی ئەم خزمەتگوزاریی یانە لە شارەکەدا. لەگەڵ خستنەڕووی چەندین پێشنیار لەوانە بۆ درووستکردنی هاوسەنگیی لە دابەشبوونی خزمەتگوزاریی خۆشگوزەرانییەکان لە شارەکەدا، هەوڵ بدرێت بۆ درووستکردنی پارک لە نزیک ئەو گەڕەکانەی لەلایەن کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەتەوە درووست کراون وەک گەڕەکەکانی (زمناکۆ-شۆڕش-گوڵان-ڕاپەڕین-کانی سارد-قەڵا-وارماوا-سەرا-پیشەسازی-سیروان-دەرسیم)، کە کەمترین خزمەتگوزاریی خۆشگوزەرانیان تێدایە.

**کلییلە وشەکان: خزمەتگوزاریی ی، خۆشگوزەرانیی، کاتەکانی بەتاڵیی، دەربەندیخان، چڕیی دابەشبوون.**

Recieved: 6/5/2024
Accepted: 19/6/2024



E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

# پێشەکیی

خزمەتگوزاریـی خۆشـگوزەرانی لـە ئێسـتادا بـووە بـە یەکێـک لـە خزمەتگوزارییـە گرنـگ و پێویسـتەکانی دانیشـتوان، زیادبوونـی دانیشـتوانیش پەیوەندییەکـی ڕاسـتەوانەی لەگـەڵ زیادبوونـی داواکاریـی لەسـەر خزمەتگوزارییـەکان بـە گشـتیی و خزمەتگوزاریـی خۆشـگوزەرانیی بـە تایبەتیـی وەکـو لایەنێکـی گرنـگ و پێویسـت بـۆ حەوانـەوە و پشـوودان، چونکـە وەکـو ئەزانـرێ لەگـەڵ زۆربوونـی دانیشـتوان و زیادبوونـی قەرەباڵغیـی، هاوڵاتیـان زیاتـر پێوسـتییان بـە ئـەم جـۆرە خزمەتگوزاریـی یـە، زۆرتـر سـەردانی ناوەنـدە خۆشـگوزەرانییەکان ئەکـەن بـە مەبەسـتی پشـوودان.

ئـەم توێژینەوەیـە هـەوڵ ئـەدات بۆهەڵسـەنگاندنی خزمەتگوزارییـە خۆشـگوزەرانییەکان لـە شـاری دەربەندیخـان دا بـە مەبەسـتی درووسـتکردنی چەندیـن پێشـنیار بـۆ چارەسـەرکردنی گرفتـەکان و پێشخسـتنیان، لـە ڕێگـەی بەرزکردنـەوەی ئاسـتی خزمەتگوزارییـەکان و زۆرکردنـی خزمەتگوزارییـەکان لـە ڕووی چەندایەتیـی و چۆنایەتییـەوە وە پیشکەشـکردنی پێشـنیارە سـتراتیجیەکان لـە پێنـاو پێشخسـتنی خزمەتگوزارییـە خۆشـگوزەرانییەکان لـە ناوچـەی لێکۆڵینـەوە.

## یەکەم: گرنگیی توێژینەوەکە

- گرنگیـی توێژینەوەکـە لەوەدایـە تیشـک ئەخاتـە سـەر بابەتێکـی گرنگـی پەیوەسـت بـە مرۆڤـەوە، کـە ئەویـش کەرتـی خۆشـگوزەرانییە، کـە پێشخسـتنی هۆکارێکـی سـەرەکییە بـۆ پارسـتنی ژینگـە و پێخسـتنی کۆمەڵـگا لـە ڕووی دەروونیـی و ئابووریـی و کۆمەڵایەتیـی و ڕۆشـنبیرییەوە

- شێوەیەکی ئەکادیمیی هەڵسـەنگاندن بـۆ خزمەتگوزارییـە خۆشـگوزەرانییەکان ئـەکات، کـە لـە ڕێگەیـەوە گەیشـتووین بـە چەندیـن دەرئەنجـام و ڕاسـپاردەی زانسـتیی بـۆ پێشخسـتنی کەرتـی خۆشـگوزەرانیی لـە ناوچـەی لێکۆڵینـەوە.

## دووەم: ئامانجیی توێژینەوەکە

- دەرخستنی شێوازی دابەشبوونی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان لە شاری دەربەندیخان دا.
- هەڵسەنگاندنی ئاستی خزمەتگوزارییەکان لەشارەکەدا.

## سێیەم: کێشەیی توێژینەوەکە

١-ئایـا ناهاوسـەنگیی لـە دابەشـبوونی خزمەتگوزاریـی خۆشـگوزەرانیی لـە شـاری دەربەندیخـان دا هەیـە، بەهـۆی نەبوونـی پلانـی گونجـاو؟

٢-ئایا ئاستی خزمەتگوزاریی خۆشگوزەرانیی لە شاری دەربەندیخان بەپێی پێویستە؟

## چوارەم: گریمانەی توێژینەوەکە

- خزمەتگوزارییـە خۆشـگوزەرانییەکان لـە شـاری دەربەندیخـان دا لـە ڕووی ئاسـت و دابەشـبوونیانەوە لەگـەڵ ئاسـتی داواکاریـی دانیشـتواندا ناگونجێـت.

- لەگـەڵ بوونـی چەندیـن جـۆری جیاوازی خزمەتگوزاریـی خۆشـگوزەرانیی بـەڵام بەپێـی پێـوەرە بەکارهاتـوەکان لـە ئێسـتادا لەگـەڵ زۆربوونـی دانیشـتواندا گونجـاوە، بـە شـێوەیەک کـە پێداویسـتی دانیشـتوان پڕناکاتـەوە.

## پێنجەم: میتۆدیی توێژینەوەکە

-گومـان لـەوەدا نییـە هـەر لێکۆڵینەوەیەکـی ئەکادیمیـی پێوسـتی بـە بەکارهێنانـی میتۆدێـک یاخـود چـە نـد میتۆدێکـی لێکۆڵینەوەیـە، تاکـو ببێـت بـە ڕەوتێکـی زانسـتیی بـۆ تـەواوی هەنگاوەکانـی نـاو لێکۆڵینەوەکـە. لـە گرنگتریـن میتـۆدە بەکارهاتـووەکان لـەم لێکۆڵینـەوەدا بریتییـن لـە :

- میتۆدیـی ئسـوڵیی بـۆ دەرخسـتنی گرنگیـی و کاریگـەری فاکتـەرە سرووشـتیی و مرۆییـەکان لەسـەر چالاکییـە جیاوازەکانـی

خۆشگوزەرانیی.

- میتۆدیی دووەم میتۆدیی تاقیکاریی، کە بە چەند قۆناغێک جێبەجێ ئەکرێت، سەرەتا کۆکردنەوەی داتا لە ڕێگەی سەرچاوەی فەرمیی و ڕێکخراوەکان دەرخستنی ئەنجامەکان لە شێوەی خشتە و شێوەی جۆراوجۆر، هەروەها وەرگرتنی داتایی شوێنی ناوەندەکان لە ڕێگای بەکارهێنانی بەرنامەکانی (Google pro earth) و دووەبارە ڕێکخستن و نیشاندانیان بە شێوەی نەخشە لە ڕێگەی بەکارهێنانی سیستەمی زانیارییە جوگرافییەکان (GIS) .

## شەشەم: پلانیی توێژینەوەکە

بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکە، توێژینەوەکە دابەش کراوەتە سەر پێشەکیی و شەش تەوەری سەرەکیی، تەوەرەی یەکەم کە تایبەتکراوە چەمکە سەرەکییەکانی لێکۆڵینەوەکە، تەوەری دووەم بۆ تایبەتمەندیەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە و، تەوەری سێیەم دابەشبوونی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان بەپێی جۆرەکانی لە شاری دەربەندیخان دا و، تەوەری چوارەم چڕیی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان بەپێی گەرەکەکانی شارەکە، لە تەوەری پێنجەم پێوەرە بەکارهاتووەکانی خزمەتگوزاریی خۆشگوزەرانیی خراوەتەڕوو، لە تەوەری شەشەمدا هەڵسەنگاندن بۆ ئاستی خزمەتگوزارییە خۆشگوزرەرانییەکان لە شاری دەربەندیخان دا کراوە، پاشان بە چەند دەرئەنجام و پێشنیارێك کۆتایی هاتووە.

## تەوەری یەکەم/ چەمکە سەرەکییەکانی لێکۆڵینەوەکە

### ١- خزمەتگوزاریی Service

خزمەتگوزاریی کاریگەرترین هۆکارە بۆ کۆکردنەوەی دانیشتوان لە دەوری خۆی، هەروەها بە گرنگترین پێوەر دائەنرێت بۆ ناساندنی شار و دیاریکردنی ئاستی پێشکەوتنیی هەر شار و وڵاتێک، کە لە ڕێگەی جۆری خزمەتگوزارییەکان هەڵسەنگاندنییان بۆ ئەکرێت (مصلحي،٢٠١٣، ص٦١). خزمەتگوزاریی دابینکردنی پێداویستیەکانی مرۆڤە کە بە شێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کاریگەریی هەیە لەسەر پێشکەوتنی کۆمەڵگا، ئەتوانین بڵێین خزمەتگوزاریی چالاکییەکە توانای ئاڵوگۆڕکردنی هەیە، دامودەزگاکانی حکومەت یان کۆمپانیای تایبەت هەڵئەسن بە دابینکردنی ئەم خزمەتگوزارییانە(غصبان،٢٠١٣، ص٦١).

### ٢- جوگرافیایی خزمەتگوزاریی Geography of Service

جوگرافیایی خزمەتگوزاریی: لقێکە لە لقەکانی جوگرافیایی مرۆیی، کە تایبەتمەندە بە توێژینەوە لە سەر دابەشبوونی شوێنی خزمەتگوزارییەکان و پیشاندانی ئاستی خزمەتگوزارییەکان و ئاستی داواکاریی لەسەر خزمەتگوزاریی یەکان، لەگەڵ دەرخستنی ڕێژەی دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان لەچوارچێوەی تایبەتمەندیەکانی دانیشتوان(الهيتي،٢٠١٣، ص٣٥).

### ٣- خۆشگوزەرانی Recreation

لە ڕووی زاراوەوە خۆشگوزەرانی ئەگەڕێتەوە بۆ وشەی لاتینی (Recreation)، کە مانای پشوو و حەوانەوە ئەگەیەنێت، زاراوەکە پێک هاتووە لە پێشگریی (Re)، کە بە مانای دووبارە دێت، وشەی (Creation) بە مانای داب ونەریت و ڕەفتار یان نوێبوونەوەی ووزەی مرۆڤ و توانا بیری و ژیرییە، کە لە ئەنجامی چالاکییەکانی و پێداویستیەکانی ژیانی ڕۆژانەی لە دەستی داوە(النعيمي،٢٠٠٩، ص٢٢٧).

(M. Demel) پێناسەی خۆشگوزەرانی کردووە بە چالاکییە جۆرا و جۆرەکان کە ئەنجام ئەدرێت بەدەر لە ئەرکی خێزانی بەرپرسیارێتیی بە مەبەستی چێژبینین یان بەرەو پێشبردنی خود(Grabowska،٢٠١٨. p. ٢١٩).

**٤- خزمەتگوزاریی خۆشگوزەرانیی Recreation Service**

سەبارەت بە چەمکی خزمەتگوزاریی خۆشگوزەرانیی چەندین پێناسەی جیاوازیی بۆ کراوە لە لایەن توێژەرانی ئەم بوارەوە لەوانەش، بریتییە لەو خزمەتگوزارییانەی کە پێشکەش بە کۆمەڵگای شار یان هەرێمەکان ئەکرێت، بە مەبەستی چێژ وەرگرتن و ئارامی دەروونیی و جەستەیی و یاخود بەدەستهێنانی زانیاریی نوێ لە کاتەکانی بەتاڵیدا بۆ هەموو ئاست و تەمەنێک، ئەم خزمەتگوزاریی یانەش بریتین لە (باخچە گشتییەکان، شاری یاری، سەنتەرەکانی چاودێرییکردنی گەنجان، مەلەوانگە، سینەما، مۆزەخانە، شانۆ، شوێنە ئاینییەکان، سەرجەم چالاکییە وەرزشییەکان، کافتریا)( جمیلی،٢٠٠٧، ص٢١).

**٥-کاتەکانی بەتاڵی Leisure Time**

لە رووی زمانەوانییەوە وشەی (Leisure) لە وشەی لاتینی (Licer) هاتووە، کە بە واتای ئازادیی تاک یان مۆڵەت پێدراو دێت، یان بەشێکە لە کاتی ئەو کەسانەی بە چالاکییە سەرەکییەکانی وەکو کار کردنەوە سەرقاڵ نین، کەواتا کاتەکانی بەتاڵی ئەو کاتانەیە کە تاک تێیدا ئازادە و ئەتوانێت بەسەری ببات بەو چالاکیانەی کە لەگەڵ بارودۆخی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و تەمەنی کەسەکە بگونجێت(وهاب،، ص١٢).

هەروەها (ک.روبیتس) پاش لکاندنی وشەی (Time) بە چەمکی کاتیی ئازاد یاخود کاتەکانی بەتاڵیی (Leisure Time) ئەڵێت (ئەو کاتەیە کە تاک تێیدا ئازادە لە کارکردن و ئەرکەکانی تریدا ئاسودە ئەبێت بۆ حەوانەوە و رابواردن و درووستکردنی پێگەیی کۆمەڵایەتی یاخود گەشەی کەسێتیی)( رشید،٢٠٠٦، ل٢٢).


لە بەر رۆشنایی پێناسە جیاوازەکانیی کاتەکای بەتاڵیی ئەتوانین بڵێین (کاتەکانیی بەتاڵیی ئەو کاتانەیە کە تاک لە پشودایە، ئەتوانێت سوودی لێ وەربگرێت بۆ بەجێهێنانی چالاکییە جیاوازەکان کە لەگەڵ توانای بژێویی و کۆمەڵایەتیی و دابونەریتدا گونجاوە).

## تەوەری دووەم/ تایبەتمەندییەکانی شاری دەربەندیخان

شاری دەربەندیخان ئەکەوێتە باشووری خۆرهەڵاتیی پارێزگای سلێمانی و بەشی باکووری خۆرهەڵاتی عێراقەوە، لە باشوورەوە هاوسنوورە لەگەڵ شاری کەلار لە بەشی باکووری ڕۆژئاوایشەوە قەرەداغ و لە بەشی باکووریشی قەزای ناوەندی سلێمانی و قەزای شارەزوور هاوسنوورێتی، لە بەشی رۆژهەڵاتەوە هاوسنورە لەگەڵ پارێزگای هەڵەبجەدا. لە نێوان هەردوو بازنەی پانیی (’١٠ ’‘١٢ °٣٥ - ’٤٧ ’‘٦ °٣٥) باکوور و هێڵی درێژیی (’١٠ ’‘٦٨ °٤٥ - ’٥٤ ’‘٤٠ °٤٥) رۆژهەڵات (بڕوانە نەخشەی(٢))

لە رووی کارگێڕییەوە شارەکە سەنتەری قەزای دەربەندیخانە، رووبەری ناوچەی لێکۆلینەوە لە ساڵی (٢٠٢٣)دا (٩,١٩)کم٢ و ژمارەی گەڕەکەکانی (١٦) گەڕەکە، ژمارەی دانیشتوانی (٥٢٤٢٤) کەسە (بەڕێوەبەرایەتی شارەوانییەکانی دەربەندیخان، بەشی gis).

نەخشەی (١) شوێنی شاری دەربەندیخان بەگوێرەی قەزای دەربەندیخان وهەرێمی کوردستان وعێراق لە ساڵی ٢٠٢٣




کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:

١- شاهۆ سالح ئەمین وئەوانی تر، ئەتڵەسی هەرێمی کەردستانی عێراق، عێراق و جیهان، چاپی یەکەم، کۆمپانیایی تێنووس، هەولێر، ٢٠٠٩، ل٣٩.

٢- حوکمەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوبەرایەتی ئاماری سلێمانی، نەخشەی کارگێڕی پارێزگای سلێمانی، بەشی Gis، ٢٠١٢.


٣-بەرنامەی arc gis ١٠,٨

خشتەی (١) ناوی گەڕەکانی دەربەندیخان و رووبەریان لە ساڵی ٢٠٢٣

| ژ | ناوی گەڕەک | رووبەر بە م2 |
|---|---|---|
| 1 | دەرسیم | 847656 |
| 2 | زمناکۆ | 611928 |
| 3 | هەوارە بەرزە | 962533 |
| 4 | کانی توو | 675643 |
| 5 | شارەوانیی | 712168 |
| 6 | شۆڕش | 229423 |
| 7 | شەهیدان | 314471 |
| 8 | گوڵان | 490728 |
| 9 | راپەڕین | 526389 |
| 10 | کانی سارد | 241081 |
| 11 | قەڵا | 267871 |
| 12 | وارماوا | 287895 |
| 13 | سەرا | 191746 |
| 14 | خێڵان | 439954 |
| 15 | پیشەسازیی | 502999 |
| 16 | سیروان | 1889346 |
| | کۆی گشتیی | 9191831 |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەست بە داتاکانی ١- بەڕێوبەرایەتیی شارەوانی دەربەندیخان ٢ - بەکارهێنانی بەرنامەی ((Arc GIS, Arc Map:٨،١٠-٤ ٣-چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز ئەنوەر محمد، بەڕێوبەری مالییەی دەربەندیخان، ٢٠٢٤/٠٣/١١.

نەخشەی (٢) شوێنی ئەسترۆنۆمی شاری دەربەندیخان لە ساڵی ٢٠٢٣



کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:

١- شاهۆ سالح ئەمین وئەوانی تر، ئەتڵەسی هەرێمی کەردستانی عێراق، عێراق و جیهان، چاپی یەکەم، کۆمپانیایی تینووس، هەولێر، ٢٠٠٩، ل٣٩٧.

٢- حوکمەتی هەرێمی کوردستان،وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوبەرایەتی ئاماری سلێمانی، نەخشەی کارگێڕی پارێزگای سلێمانی، بەشی Gis، ٢٠١٢.

٣-بەرنامەی arc gis ١٠،٨

## تەوەری سێیەم/ دابەشبوونی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان بەپێی جۆرەکانی لە شاری دەربەندیخان دا بۆ ساڵی ٢٠٢٣


خزمەتگوزارییەکان فرە جۆر و هەمەچەشنن بە پێی پیوستی دانیشتوان، کە جۆری خزمەتگوزارییەکان بە پێی سەردەم و پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیا و شێوازی ژیان گۆرانکارییان بەسەردا دێت،سەبارەت بە جۆرەکانی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان لە شاری دەربەندیخان دا بە سەرنجدان لە خشتەی (٢) و نەخشەی (٣) بۆمان دەرئەکەوێت، کە باخچەکان پلەی یەکەم لە کۆی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکانی شارەکەدا بەدەست دێنن، کە ژمارەیان (٥١) باخچەیە بە رێژەی (٥٥٪)، کە بەسەر (١١) گەڕەکی شارەکەدا دابەشبوون، هەرچەندە هەندێک لە باخچەکان لە قۆناغی سەرەتادایە هێشتا بە تەواوی سەوز نەکراون، پاش باخچەکان بە پلەی دووەم (کافتریا) دێت، کە ژمارەیان (١٥) بە رێژەی (١٦،٢٪) لە کۆی خزمەتگوزارییەکان، بەسەر (٨) گەڕەکی شارەکەدا دابەشبوون، بە پلەی سێیەم (خواردنگەکان) دێت کە ژمارەیان (٩) بە رێژەی (٩،٨٪) لە کۆی خزمەتگوزارییەکان لە شارەکەدا، جێگەی باسە کافتریا و خواردنگەکان بە یەکێک لە پێوستییە گرنگەکانی خۆشگوزەرانیی دائەنرێت لە شاردا، ژمارەیەکی زۆر لە هاوڵاتیان بۆ چێژ وەرگرتن لە کاتەکانی بەتاڵی سەردانی رێستۆرانت و کافتریاکان ئەکەن، بە تایبەتی لە رۆژگاری ئەمڕۆدا بە هۆی زۆربوونی رێگاکانی ریکلام کردن، تۆرە کۆمەڵاییەتییەکان هۆکارن بۆ ئاسانی ئاشناکردنیان بە هاوڵاتیان، بە پلەی چوارەم هۆڵی لەشجوانیی دێت کە ژمارەیان (٧) بە رێژەی (٧،٥٢٪) لە کۆی خزمەتگوزارییەکان لە شارەکەدا، هۆڵەکانی لەشجوانیی یەکێکە لەو ناوەندە وەرزشییانەی گرنگیی زۆریان هەیە بۆ باشترکردنی لایەنی تەندرووستی مرۆڤ، جگە لە سودەکانی لە رووی دەروونییەوە کە دەبێتە هۆی زیادبوونی بڕوا بەخۆبوون و باشکردنی مەزاج، لەبەرئەوەی لە ئێستادا هۆڵەکانی لەشجوانیی زۆرترین داواکارییان لەسەرە و ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک سەردانی ئەم شوێنانە ئەکەن لە هەردوو رەگەز، بە پلەی پێنجەم هەریەکە لە خزمەتگوزاریی یەکانی (کتێبخانەکان، یاریگای وەرزشیی، مەلەوانگەکان) دێن، کە ژمارەی هەریەکەیان (٢) خزمەتگوزاریی و رێژەی (٢،١٪) لە کۆی خزمەتگوزارییەکان پێک دێنن، کە هەریەکەیان بە سەر (٢) گەڕەکدا دابەشبوون، لە پلەی کۆتاییدا هەریەکە لە خزمەتگوزاریی یەکانی (شاری یاری، شانۆ، سەنتەری گەنجان، باڕ، هۆڵی بۆنەکان) دێن، کە ژمارەی هەریەکەیان (١) خزمەتگوزاریی و رێژەی (١٪) لە کۆی خزمەتگوزارییەکان پێک دێنن. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ جۆری خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان لە شارەکەدا بەردەست نییە وەک (سینەما و مۆزەخانە)، ئەمە لە کاتێکدا بوونی مۆزەخانە لە هەر ناوچەیەکدا رۆڵێکی گرنگی لە خزمەتکردنی لایەنی خۆشگوزەرانیی دانیشتوانی ناوچەکە هەیە، بۆ بەسەربردنی کاتەکانی بەتاڵی سەردانییکەران لەلایەک و ئاشنابوونیان بە مێژوو و رابردووی ناوچەکە.

خشتەی (٢) دابەشبوونی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان لە شاری دەربەندیخان بۆ ساڵی ٢٠٢٣

| ژ | خزمەتگوزاریی خۆشگوزەرانی | ژمارەیان | ٪ | ژمارەی گەڕەک |
|---|---|---|---|---|
| 1 | باخچە | 51 | 55 | 11 |
| 2 | شاری یاریی | 1 | 1 | 1 |
| 3 | کتێبخانە | 2 | 2.1 | 2 |
| 4 | یاریگای وەرزشیی | 2 | 2.1 | 2 |
| 5 | هۆڵی لەشجوانیی | 7 | 7.52 | 3 |
| 6 | خواردنگە | 9 | 9.8 | 4 |
| 7 | شآنۆ | 1 | 1 | 1 |
| 8 | مەلەوانگە | 2 | 2.1 | 2 |
| 9 | کافتریا | 15 | 16.2 | 8 |
| 10 | سەنتەری گەنجان | 1 | 1 | 1 |
| 11 | باڕ | 1 | 1 | 1 |
| 12 | مۆزەخانە | ---- | ----- | ---- |
| 13 | هۆڵی بۆنەکان | 1 | 1 | 1 |
| 14 | سینەما | ---- | ----- | ---- |
| کۆ | | 93 | ٪100 | |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە داتاکانی ١- بەڕێوبەرایەتی شارەوانی دەربەندیخان ٢- بەڕێوبەرایەتی گەشتوگوزاری دەربەندیخان ٣ چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز/سەعدی حسین، فەرمانبەر لە تێبینەرایەتی باج و دەرامەت-باج و دەرامەتی دەربەندیخان ٢٠٢٤/٠٣/١٢.

نەخشەی (٣) دابەشبوونی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانیەکان بە پێی گەڕەکەکانی شاری دەربەندیجان لە ساڵی ٢٠٢٣




سەرچاوە: کاری تویژەر، پشتبەست خشتەی (٢)، بە بەکارهێنانی بەرنامەی ((Arc GIS, Arc Map:١٠,٨

## تـەوەری چـوارەم/ چـڕی خزمەتگوزارییـە خۆشـگوزەرانییەکان بەپێـی گەڕەکەکانـی شـاری دەربەندیخـان بـۆ سـاڵی ٢٠٢٣

سەبارەت بە چڕیی ئەم خزمەتگوزارییە بە پێی گەڕەکەکانی شارەکە وەک لەخشتەی (٣) و نەخشەی (٤) دەرئەکەوێت گەڕەکـی شـارەوانی بـە پلـەی یەکـەم دێـت، کـە زۆرتریـن خزمتگوزاریـی خۆشـگوزەرانیی تێدایـە، کـە ژمارەیـان (٢٣) خزمەتگوزارییـە بـە ڕێـژەی (٢٤٪) لـە کـۆی خزمەتگوزارییـە خۆشـگوزەرانییەکانی شـارەکە، ئەمـەش دابەشـبووە بەسـەر ڕووبـەری (٧١٢١٦٨)م٢ بـە ڕێـژەی (٨٪) کـۆی ڕێـژەی ڕووبـەی گەڕەکەکانـی شـاری دەربەندیخـان، بـە هـۆی نزیکـی لـە بـازاری سـەرەکیی شـارەوە بەشـێک لـە گەڕەکەکـە تێکـەڵ بـە بـازار بـووە، بۆیـە ناوچەرگـەی شـارەکە و ناوچـەی (CBD) شـاری دەربەندیخـان ئەگرێتـەوە، زۆرتریـن خزمەتگوزارییەکانـی لـە خۆگرتـووە، ئەمـەش وای کـردووە زۆرتریـن دانیشـتوانی شـار سـەردانی بکـەن. هەروەهـا گەڕەکـی خێـڵان بـە پلـەی دووەم دێـت، کـە زۆرتریـن خزمەتگوزاریـی خۆشـگوزەرانیی تێدایە، کـە ژمارەیـان (١٨) خزمەتگوزارییـە بـە ڕێـژەی (١٩,٣٪) لـە کـۆی خزمەتگوزارییـە خۆشـگوزەرانییەکانی شـارەکە، ئەمـەش دابەشـبووە بەسـەر ڕووبـەری (٤٣٩٩٥٤)م٢ بـە ڕێـژەی (٤,٧٪) کـۆی ڕێـژەی ڕووبـەی گەڕەکەکانـی شـاری دەربەندیخـان، ئەمـەش بەهـۆی نزیکـی لـە بـازاڕەوە، لـە هەمـان کاتـدا ئەکەوێتـە سـەر ڕێـگای سـەرەکیی (دەربەندیخان-سـلێمانی)، زۆرێـک لـە خزمەتگوزارییـە خۆشـگوزەرانییەکانی بریتییـە لـە کافتریا و جێشـتخانە و باخچـە. پلـەی سـێیەم گەڕەکـی هـەوارە بـەرزە دێـت، کـە ژمارەیـان (١٤) خزمەتگوزارییـە بـە ڕێـژەی (١٥٪) لـە کـۆی خزمەتگوزارییـە خۆشـگوزەرانییەکانی شـارەکە، ئەمـەش دابەشـبووە بەسـەر ڕووبـەری (٩٦٢٥٣٣)م٢ بـە ڕێـژەی (١٠٪) کـۆی ڕێـژەی ڕووبـەی گەڕەکەکانـی شـارەکەیە، پاشـان گەڕەکـی شـەهیدان دێـت بـە پلـەی چـوارەم، کـە ژمارەیـان (١١) خزمەتگوزارییـە بـە ڕێـژەی (١١,٨٪) لـە کـۆی خزمەتگوزارییـە خۆشـگوزەرانییەکانی شـارەکە، کـە بریتییـن لـە باخچـە و کافتریـا دابەشـبووە بەسـەر ڕووبـەری (٣١٤٤٧١)م٢ بـە ڕێـژەی (٣,٤٪) کـۆی ڕێـژەی ڕووبـەی گەڕەکەکانـی شـار پێکدێنێـت، پلـەی پێنجـەم گەڕەکـی کانـی تـوو دێـت، کـە ژمارەیان (٨) خزمەتگوزارییـە بـە ڕێـژەی (٨,٦٪) لـە کـۆی خزمەتگوزارییـە خۆشـگوزەرانییەکانی شـارەکە، ئەمـەش دابەشـبووە بەسـەر ڕووبـەری (٦٧٥٦٤٣)م٢ بـە ڕێـژەی (٧,٣٪) کـۆی ڕێـژەی ڕووبـەی گەڕەکەکانـی شـارەکەیە، بـەڵام زۆرێـک لـە گەڕەکەکانـی دەربەندیخـان کەمتریـن خزمەتگوزاریـی خۆشـگوزەرانییان تێدایـە وەک گەڕەکەکانـی (زمناکۆ-شـۆڕش-گوڵان-ڕاپەڕین-کانی سارد-قەڵا-وارماوا-سـەرا پیشەسازی-سیروان)، کـە ئەکەونـە بەشـی ڕۆژئـاوای شـارەکەوە و لـە لایـەن کۆمپانیاکانەوە درووسـت کـراون، کـە تایبەتـن بـە درووسـتکردنی یەکـەی نشـتەجێبوون، لـەم گەڕەکانـەدا کەمتریـن بۆشـایی تێـدا دەمێنێتـەوە، بۆیـە ئـەم خزمەتگوزەرییانـە لـەم گەڕەکانـە جێـی نابێتـەوە، گەڕەکـی (دەرسـیم) هیـچ جـۆرە خزمەتگوزارییەکـی خۆشـگوزەرانیی تیـادا نییـە.


خشتەی (٣) دابەشبوونی شوێنیی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان بەپێی گەڕەکەکانی شاری دەربەندیجان بۆ ساڵی ٢٠٢٣

| ژ | ناوی گەڕەکەکان | ژمارەی خزمەتگوزاریی | ٪ | ڕووبەری گەڕەک/م٢ | ٪ |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | شارەوانری | 23 | 24 | 712168 | 8 |
| 2 | خێڵان | 18 | 19.3 | 439954 | 4.7 |
| 3 | هەوارە بەرزە | 14 | 15 | 962533 | 10 |
| 4 | شەهیدان | 11 | 11.8 | 314471 | 3.4 |
| 5 | کانی توو | 8 | 8.6 | 675643 | 7.3 |
| 2 | سەرا | 4 | 4.3 | 191746 | 2 |
| 7 | سیروان | 3 | 3.2 | 1889346 | 20 |
| 8 | شۆڕش | 2 | 2.1 | 229423 | 2.4 |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 5.4 | 502999 | 2.1 | 2 | پیسەسازی | 9 |
| 6.6 | 611928 | 2.1 | 2 | زمناكۆ | 10 |
| 5.3 | 490728 | 1.07 | 1 | گوڵان | 11 |
| 5.7 | 526389 | 1.07 | 1 | راپەڕین | 12 |
| 2.6 | 241081 | 1.07 | 1 | كانی سارد | 13 |
| 3 | 287895 | 1.07 | 1 | وارماوا | 14 |
| 2.9 | 267871 | 1.07 | 1 | قەڵا | 15 |
| 9.2 | 847656 | 0 | 0 | دەرسیم | 16 |
| 100 | 9191831 | 100 | 93 | كۆ | |

سەرچاوە: كاری توێژەر بە پشت بەستن بە داتاكانی ١- بەڕێوبەرایەتی شارەوانی دەربەندیخان ٢- بەڕێوبەرایەتی گەشتوگوزاری دەربەندیخان

نەخشەی (٤) چڕیی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەكان بەپێی گەرەكەكانی شاری دەربەندیجان لەساڵی ٢٠٢٣




سەرچاوە: كاری توێژەر، پشتبەست خشتەی (٢)، بە بەكارهێنانی بەرنامەی ((Arc GIS, Arc Map:١٠,٨

## تەوەری پێنجەم/ پێوەرە بەكارهاتووەكانی خزمەتگوزاریی خۆشگوزەرانیی

دامەزراوە تایبەتییەكانی پلاندانان پێوەری تایبەتییان داناوە بۆ خزمەتگوزاریی خۆشگوزەرانیی لە شارەكاندا. لە كاتی دامەزراندنی هەر شارێكی مۆدێرن یان هەر گەرەكێك پێوستە پشت بەو پێوەرانە ببەسترێت، بۆ ئەوەی باشترین خزمەت بە دانیشتوانی ئەو ناوچەیە بكرێت، بەو پێیەی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەكان پێوستییەكی گرنگی لایەنی دەروونیی و ئاسودەیی دانیشتوانە، بە شێوەك لەگەڵ واقعی ئەو ناوچەیە بگونجێت لە رووی ئابووریی و كۆمەڵایەتیی

و ڕۆشنبیرییەوە. پێوەرەکانی خزمەتگوزاریی خۆشگوزارنیی هۆکارێکن بۆ دیاریکردنی بڕ و جۆری خزمەتگوزارییەکان کە پێویستە لە داهاتوودا هەبن لەگەڵ هەڵسەنگاندنی بارودۆخی ئێستای خزمەتگوزارییەکان لە ژینگەی شاردا، بۆ درووست کردنی ژینگەیەکی هاوسەنگ و بەردەوام گونجاو بۆ ژیان، پێوەرەکانیش بەپێی ژمارەی دانیشتوان بۆ هەر دامەزراوەیەک یان رووبەری دیاریکراو بۆ خزمەتگوزاریی یەکان، ئەم پێوەرانەش دەگۆڕێت لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر یان لە ناو یەک دەوڵەتدا بە پشت بەستن بە هەلومەرجی کۆمەڵگا، هەروەها جۆری داوکاریی لەسەر جۆری خزمەتگوزارییەکان بەپێی کات و سەردەم ئەگۆڕێت(صفر٢٠١٥ ،ص٢٩١).

لەم روانگەیەوە بەپێی پێوەرە جیهانیی و ناوخۆیەکانی پلانسازیی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان لەسەر بنەمای ژمارەی دانشتوان بۆ هەر جۆرێکیان خراوەتەڕوو بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

خشتەی (٤) پێوەرەکانی خزمەتگوزاریی خۆشگوزەرانیی

| ژ | جۆری خزمەتگوزاریی ی | ژمارەی خزمەتگوزاریی پێوست | ژمارەی دانیشتوان | رووبەری پێویست (م٢) |
|---|---|---|---|---|
| 1 | شاری یاری | 1 | 40.000 | 20.000 |
| 2 | رێستۆرانت | 1 | 10.000 | 3000 |
| 3 | کتێبخانەی گشتیی | 1 | 40.000 | 15.000 |
| 4 | یاریگای وەرزشیی | 1 | 30.000 | 2000 |
| 5 | هۆڵی وەرزشی لەشجوانیی | 1 | 10.000 | 4500 |
| 6 | هۆڵی شانۆ | 1 | 250.000 | ----- |
| 7 | مەلەوانگە | 1 | 40.000 | 16.000 |
| 8 | سینەما | 1 | 50.000 | 3500 |
| 9 | پارکە گشتییەکان | 16.2 م٢ | 1 | ------ |
| 10 | هۆڵی بۆنەکان | 1 | 45.000 | 4500 |
| 11 | کافتریا | 1 | 4500 | ----- |

سەرچاوە:کاری توێژەر بە پشت بەستن بە

١- علا لطفي مهدي، المؤشرات التخطيطية لتنمية الخدمات المجتمعية في مدينة الخضر، رسالة ماجستير، كلية الرتبية للعلوم االنسانية، قسم الجغرافية، جامعة المثنى،٢٠١٩، ص٣٦.

٢-خلف حسين علي الدليمي، تخطيط الخدمات المجتمعية و البنية الحتية (اسس-معايير تقنيات)، مصدر صابق، ص٢٠٦.

٣- بشير ابراهيم لطيف و أخرون، خدمات المدن (دراسة في الجغرافية التنموية)، مصدرالسابق،٢٠٠٩، ص١٤٤-١٤٦.

٤-زين العابدين علي صفر، تخطيط المدن (اسس ومفاهيم وتطبيقات)، مصدر صابق، ص٣٤٥.

## تەوەری شەشەم/ هەڵسەنگاندنی ئاستی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان لە شاری دەربەندیخان دا

بە پشتبەستن بە پێوەرەکان ئاستی ناوچەی لێکۆڵینەوە لە خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان جیاوازە بەپێی جۆری خزمەتگوزارییەکان لە کاتی بەراوردکردنیان بە پێوەرەکانی خزمەتگوزاریی خۆشگوزەرانیی بەپێی ژمارەی دانیشتوان، سەبارەت بە پارکە گشتییەکان، ناوچەی لێکۆڵینەوە خاوەنی (٥١) پارک و باخچەی گشتییە لە ئێستادا، کە کۆی گشتی

رووبەریان (١١٦٠١١) م٢، هەروەکو لە پێشووتر ئاماژمان بە رووبەری هەریەکەیان داوە، پشکی تاك لەو رووبەرە (٢،٢١) م٢، کەواتە بە رێژەی (١٣،٩٩) م٢ کەمترە لە بڕی پێوست بەپێی پێوەری کارپێکراوی عێراق بۆ پارکی گشتیی، کە بریتییە لە (١٦،٢) م٢ پشکی تاک. رێژەی سەوزایی لە شاری دەربەندیخان دا (٢٪)ە، لە کاتێکدا بەپێی ستاندارد‌ی جیهانی پێوستە زیاتر بێت لە (١٥٪)ی شار(بەڕێوەبەرایەتی شارەوانیەکانی دەربەندیخان،٢٠٢٤/٣/١٦).

ئەوەی جێگەی ئاماژە بۆکردنە لە توێژینەوەکەدا نەتوانراوە پێداویستییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە لە خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان دیاری بکرێت، بە بەراوورد بە پێوەرەکانی خزمەتگوزاریی خۆشگوزەرانیی بەپێی رووبەری دانراو بە مەتر دووجا، ئەمەش لەبەر ئەوەی زۆربەی خزمەتگوزارییە خۆشگوزرانییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە وەکو هۆڵەکانی لەشجوانیی کافتریاکان...هتد خاوەنی بینایی تایبەت بە خۆیان نین، بەڵکو لە ناو ژێر زمین و باڵەخانەی جیاوازدان، کە دیاریکردنی رووبەری هەریەک لەو خزمەتگوزاریی یانە کارێکی ئاسان نییە. سەبارەت بە خزمەتگوازەییە خۆشگوزەرانییەکانی دیکە لەناوچەی لێکۆڵینەوە، لەم خشتەی لای خوارەوە خراوەتەڕوو:

خشتەی(٥) ئاستی خزمەتگوزارییە خۆشگوزرەرانییەکان و بڕی کورتهێنان لە شاری دەربەندیخان بۆ ساڵی ٢٠٢٣

| ژ | جۆری خزمەتگوزاریی | بەردەست | پێویستی شار | بڕی کورتهێنان |
|---|---|---|---|---|
| 1 | شاری یاریی | 1 | 1 | ---- |
| 2 | کتێبخانە | 2 | 1 | ---- |
| 3 | یاریگای وەرزشیی | 2 | 2 | ---- |
| 4 | هۆڵی لەشجوانیی | 7 | 5 | ---- |
| 5 | ریستۆرانت | 9 | 5 | ---- |
| 6 | شانۆ | 1 | 1 | ---- |
| 7 | مەلەوانگە | 2 | 2 | ---- |
| 8 | کافتریا | 15 | 8 | ---- |
| 9 | سەنتەری گەنجان | 1 | ---- | ---- |
| 10 | باڕ | 1 | --- | ----- |
| 11 | هۆڵی بۆنەکان | 1 | 1 | ---- |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە داتاکانی ١- بەرێوربەرایەتی شارەوانی دەربەندیخان ٢- بەرێوربەرایەتیی گەشتوگوزاریی دەربەندیخان ٣ – کاری مەیدانی توێژەر.

هەروەک لە خشتەی (٥) دەردەکەوێت، کە بەپێی ژمارەی دانیشتوان زۆربەی پێوستییە خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان لە شاری دەربەندیخان هاوتایە لەگەڵ پێویستیی دانیشتوان بەپێی پێوەر، بەڵام ناهاوسەنگن لە رووی دابەشبوونیان بەسەر گەڕەکەکانی شارەکەدا، لێرەدا چۆنێتی دابەشبوونی ئەم پێداویستیانە لە داهاتوودا ئەخەینەڕوو:

١- مەلەوانگە: هەرچەندە مەلەوانگەکان لە رووی ژمارەوە بەپێی پێوەری دانیشتوان گونجاوە، بەڵام لە رووی دابەشبوونەوە تا رادەیەک ناهاوسەنگە، چونکە هەردوو مەلەوانگەی شارەکە دەکەونە گەڕەکەکانی (هەوارە بەرزە-شارەوانیی) لە بەشی باکووری رۆژهەڵاتی شاری دەربەندیخان. لە کاتێکدا گەڕەکەکانی رۆژئاوای شارەکە هیچ مەلەوانگەیەکی تیا نییە، کە ئەم ناوچەیە لە چەندین گەڕەک پێکهاتووە، پێوستییان بە هەبوونی مەلەوانگەیە لەم ناوچەیە.

٢- هۆڵی لەشجوانی: هەرچەندە (٧) هۆڵی لەشجوانی لە شارەکە بوونی هەیە، بەڵام تەنها لە (٣) گەڕەکی شارەکە چربوونەتەوە، کە ئەویش گەڕەکەکانی (شارەوانی-خێڵان-شۆڕش) هەرسێکیان ئەکەونە یەک بەشی شارەکە لە رۆژهەڵاتی دەربەندیخان، لە کاتێکدا داواکاری زۆر لەسەر ئەم هۆڵانە لەلایەن هاوڵاتییانەوە هەیە.

٣-كافتريـا: هەرچەنـدە لـە شـاری دەربەندیخـان دا (١٥) كافتريـا هەیـە (٧) زیاتـرە لـە پێوسـتی شـارەكە، بـەڵام لـە رووی دابەشـبوونەوە ناهاوسـەنگە، گەڕەكانـی باكـووری رۆژئـاوا هیـچ كافترياییەكـی تێـدا نییـە، بۆیـە لـە كاتـی درووسـتكردنی كافتريـا نـوێ پێوسـتە ئەمـە لـە بەرچـاو بگیـرێ، بـە درووسـتكردنیان لـەم گەڕەكانـەدا.

٤- كتێبخانـە: كتێبخانـەكان لـە شـاری دەربەندیخـان دا كـە ژمارەیـان (٢) كتێبخانەیـە، ئەكەونـە ناوەنـدی شـارەوە لـە یـەك گەڕەكـن، كـە ئەویـش گەڕەكـی شـارەوانییە، لـە كاتێكـدا بەشـەكانی تـری شـارەكە هیـچ كتێبخانەیەكـی تێـدا نییـە.

٥- پاركـە گشـتییەكان: لەگـەڵ ئـەوەی رێـژەی سـەوزایی لـە شـاری دەربەندیخـان دا (٢٪)ە، لـە كاتێكـدا بەپێـی سـتانداردی جیهانـی پێوسـتە زیاتـر بێـت لـە (١٥٪)ی شـار، كـە (٥١) باخچـە كـە شـارەكەدا هەیـە بەسـەر (١١) گەڕەكـدا دابەشـبوون، بـەڵام (٥) گەڕەكـی شـارەكە هییـچ باخچەیەكـی تێـدا نییـە.

## دەرئەنجام

**ئەكرێت گرنگترین ئەنجامەكانی توێژینەوەكە لەم خاڵانەی خوارەوە كۆبكرێتەوە:**

-١ناوچـەی لێكۆڵینـەوە خاوەنـی (٥١) پـارك و باخچـەی گشـتییە لەئێسـتادا، كـە كـۆی گشـتی رووبەریـان (١١٦٠١١) م٢، پشـكی تـاك لـەو رووبـەرە (٢,٢١) م٢، كەواتـە بـە رێـژەی (١٣,٩٩) م٢ كەمـترە لـە بـڕی پێوسـت بـە پێـێ پێـوەری كارپێكـراوی عێـراق بـۆ پاركـی گشـتیی، كـە بریتییـە لـە (١٦,٢) م٢ پشـكی تـاك. ئـەوەی جگـەی ئاماژە بۆكردنـە رێـژەی سـەوزایی لـە شـاری دەربەندیخـان دا (٢٪)ە، لـە كاتێكـدا بەپێـی سـتانداردی جیهانـی پێوسـتە زیاتـر بێـت لـە (١٥٪)ی شـار.

٢- بـە شـێوەیەك گشـتیی دابەشـبوونی خزمەتگوزارییـە خۆشـگوزەرانییەكان زیاتـر لـە ناوەنـدی شـارەكە چڕبوونەتـەوە، سـەبارەت بـە بەرزتریـن چـڕی خزمەتگوزارییـەكان ئەكەوێتـە گەڕەكـی (شـارەوانی)ەوە، نزیكـەی (٢٣) خزمەتگوزاریـی تێدایـە، نزیكـی لـە بـازاری سـەرەكیی شـارەوە بەشـێك لـە گەرەكەكـە تێكـەڵ بـە بـازار بـووە، بۆیـە ناوجەرگـەی شـارەكە و ناوچـەی (CBD) شـاری دەربەندیخـان ئەگرێتـەوە، زۆرتریـن خزمەتگوزارییەكانـی لـە خۆگرتـووە، ئەمـەش وایكـردووە زۆرتریـن دانیشـتوانی شـار سـەردانی بكـەن.

٣- سـەبارەت بـە نزمتریـن چڕیـی خزمەتگوزارییـەكان لـەو گەڕەكانەیـە كـە لەلایـەن كۆمپانیاكانـەوە درووسـتكراون، كـە تایبەتـن بـە درووسـت كردنـی یەكـەی نشـتەجێبوون، لـەم گەڕەكانـەدا كەمتریـن بۆشـایی تێـدا ئەمێنێتـەوە بۆیـە ئـەم خزمەتگوزاریيانـە لـەم گەڕەكانـە جێـی نابێتـەوە وەكـو گەڕەكانـی (زمناكۆ-شـۆڕش-گوڵان-ڕاپەڕین-كانی سـارد-قەڵا-وارماوا-سـەرا پیشەسازی-سیروان-دەرسـیم).

٤- چەندیـن ناوەنـدی خۆشـگوزەرانیی بەپێـی پێـوەرەكان لـە ئێسـتادا لەبـڕی پێویسـتی دانیشـتوان زیاتـرن، بـۆ نموونـە (٧) كافتريـا و (٤) رێسـتۆرانت و (٢) هۆڵـی لەشـجوانی.

## پێشنیار

١.بـۆ درووسـتكردنی هاوسـەنگیی دابەشـبوونی خزمەتگوزارییـە خۆشـگوزەرانییەكان لـە شـارەكەدا، هـەوڵ بدرێـت بـۆ درووسـت كردنـی خزمەتگوزرارییـە خۆشـگوزرانییەكان وەك درووسـتكردنی پـارك لـە نزیـك ئـەو گەڕەكانـەی لەلایـەن كۆمپانییەكانـی كەرتـی تایبەتـەوە درووسـتكراون؛ وەك گەڕەكەكانـی (زمناكۆ-شـۆڕش-گوڵان-ڕاپەڕین-كانی سـارد-قەڵا-وارماوا-سـەرا پیشەسازی-سیروان-دەرسـیم). كـە كەمتریـن خزمەتگوزاریـی خۆشـگوزەرانیاین تێدایـە، بەهـۆی شـێواندنی نەخشـەی بنەڕەتـی ئـەو پڕۆژانـەی وەبەرهێنـان، بـە مەبەسـتی درووسـتكردنی زۆرتریـن یەكـەی نشـتەجێبوون، پشتگوێخسـتنی بـواری خۆشـگوزەرانیی لـەم گەڕەكانـە.

٢.هانـی كۆمپانیاكانـی كەرتـی تایبـەت بدرێـت بـۆ وەبەرهێنـان لـە بـواری دامەزراندنـی ناوەنـدە خۆشـگوزرانییەكان لـە

ناوچەکـەدا، لـە رێگـەی  لێخۆشـبوون و کەمکردنـەوەی بـاج و پێشکەشـکردنی ئاسـانکاری دامـەزراوە حکومییـەکان بـۆ وەبەرهێنـەر، ئەمـەش هۆکاریکـە بـۆ پێشـکەوتنی لایەنـی خۆشـگوزرانیی شـارەکە.

٣.بـە پشـت بەسـتن بـە ئەنجامـی توێژینەوەکـە پشـکی تـاك بـۆ رووبـەری پارکـەکان لـە شـارەکەدا زۆر کەمـترە بـە بـەراوورد بە سـتانداردی جیهانیـی، هـەر بۆیـە هەوڵـدان بـۆ دروسـتکردنی پـارک و سـەیرانگای مۆدێـرن لـە شـارەکەدا لـە پێوسـتییەکانی و گرنگەکانـن.

## ملخص


تقييم الخدمات الترفيهية في مدينة دربنديخان بحسب العدد والكثافة

هـذه الدراسـة بعنـوان (تقييـم الخدمـات الرعايـة في مدينـة دربنديخـان مـن حيـث العـدد والكثافـة) ،الهـدف منهـا إضهـار كيفيـة إنقسـام الخدمـات الرعايـة في مدينـة دربنديخـان ،وكذلـك تقييـم مسـتويات وتقديـر احتياجـات المدينـة لهـذه النـوع مـن الخدمة.ولتحقيـق هـدف الدراسـة تـم جمـع البيانـات مـن خـلال المصـادر والمنظـمات الرسـمية، ثـم عـرض النتائـج عـلى شـكل جـداول متنوعـة، وكذلـك الحصـول عـلى بيانـات مواقـع المراكـز مـن خـلال اسـتخدام برامـج (Google pro Earth). نظام المعلومـات الجغرافيـة (GIS)، يليـه تقييـم مسـتوى هـذه الخدمـات وتحديـد احتياجـات المدينـة وفـق معايـير قياسـية، وفي النهايـة توصلنـا الى عـدة نتائـج منهـا  زيـادة (٧) كافتيريـا، و(٤) مطاعـم و(٢) صـالات رياضيـة، كـما يوجـد بعـض الخلـل  توزيـع هـذه الخدمـات في المدينـة مـع عـدة مقترحـات منهـا خلـق التـوازن في توزيـع خدمـات الرعايـة الاجتماعيـة في المدينـة، محاولـة بنـاء حدائـق بالقـرب مـن هـذه الأحيـاء مـن قبـل شركات القطـاع والأحيـاء المبنيـة خصيصـا مثـل (زمناكو،شـورش،كولان،رابرين، كاني سارد،قلعة،وارماوا،سرا،الصناعة،سيروان،درسـيم) التـي تحتـوي عـلى الحـد الأدنى مـن خدمـة الرعايـة الاجتماعيـة.


الكلمات المفتاحية: الخدمات، الرعاية، الترفيه، دربنديخان، كثافة التوزيع

Evaluation of Recreational Services in Darbandikhan City According to Number and Density


teaching assistant Azhin Karim Mohamad

Department of Geography, College of Education,

Germain University, Kurdistan Region-Iraq

azhinkarim988@gmail.com

teaching assistant Hawzhen Ahmed Rashed

Department of human development, Sharazoor College of Education,

Halabja University, Kurdistan Region of Iraq

hawzhenahmed988@gmail.com


## Abstract


This study entitled (Evaluation of Recreational Services in Darbandikhan City According to Number and Density) aims to show the distribution of recreation services in Darbandikhan, as well as assess their level and estimate the needs of the city for this type of service.  To achieve the objective of the study, data collection was conducted through official sources and organizations, then presenting the results in the form of various tables, as well as obtaining the location data of the centers through the use of programs

(Google pro earth). Geographic Information System (GIS), followed by an assessment of the level of these services and identification of the needs of the city according to standard criteria for each additional and (4) restaurants and (2) gyms, there is also some imbalance in the distribution of these services in the city with several proposals including to create balance in the distribution of recreation services in the city, try to build parks near these neighborhoods by sector companies Specially built neighborhoods such as (Zmnako-Shorsh-Gulan-Raperin-Kani Sard-Qala-Warmawa-Sara-Industry-Sirwan-Dersim). which contain a minimal recreation service.

**Key word: Service, Recreation, Leisure Time, Darbandikhan, Intensity of distribute.**

## سەرچاوەکان

یەکەم: سەرچاوە کوردییەکان

نامەیی ماستەر

شیروان عمر رشید، بنەماکانی جوگرافیای سروشتی و گەشەپێدانی گەشتوگوزار لە پارێزگای سلێمانی، نامەی ماستەر(بڵاونەکراوە)، زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتیەکان، بەشی جوگرافیا، ٢٠٠٦، لا٢٢.

## نوسراو و بڵاوکراوە حوکمییەکان

بەڕێوبەرایەتی گەشتوگوزاری دەربەندیخان، بەشی ڕاگەیاندن، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠٢٤.

بەڕێوەبەرایەتی شارەوانییەکانی دەربەندیخان، بەشی (gis)، داتای، ٢٠٢٤/٠٣/١٢.

بەڕێوەبەرایەتی شارەوانییەکانی دەربەندیخان، بەشی شەتڵگە و باخچەکان، داتای بڵاونەکراوە لە ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٣/١٦.

وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوبەرایەتی ئاماری سلێمانی، نەخشەی کارگێڕیی پارێزگای سلێمانی، بەشی Gis، ٢٠٢٤.

## چاوپێکەوتن

١-سەعدی حسین، فەرمانبەر لە تێبینەرایەتی باج و دەرامەت-باج و دەرامەتی دەربەندیخان ٢٠٢٤/٠٣/١٢.

٢- ئەنوەر محمد، بەڕێوبەری مالیەی دەربەندیخان، ٢٠٢٤/٠٣/١١.

## دووەم: سەرچاوە عەرەبییەکان

کتێب

بن غصبان، فواد، الجغرافية الخدمات، دار اليازوري العلمية للنشر و التوزيع، الأردن، ٢٠١٣.

مصلحي، فتحي محمد، الجغرافية الخدمات الاطار النضري و التجارب عربية، دار الماجد للنشر والتوزيع، بدون سنة الطبع.

صفر، زين العابدين على تخطيط المدن(اسس ومفاهيم وتطبيقات)، دار الوضاح للنشر، عمان، ط١،٢٠١٥.

الهيتي،مازن عبدالرحمن، الجغرافيا الخدمات اسس ومفاهيم، مكتبة المجتمع العربي للنشروالتوزيع،ط١،الاردن،٢٠١٣.

جميلي، رياض كاظم سلمان ،بكفاءة التوزيع الملكاني للخدمات الجتماعية و التعليمية و الصحية و الرتفهية في مدينة كربلاء، اطروحة دكتوراة (غيرمنشورة)، كلية تربية )ابن رشد)، جامعة بغداد، ٢٠٠٧.

نامەیی ماستەر
- سروه دشتى وهاب، التحليل الجغرافى للمواقع الترفيهية في مدينة اربيل-دراسة ميدانية، رسالة ماجستير (غيرمنشورة)، جامعة صلاح الدين، كلية اداب، قسم الجغرافية، اربيل، ٢٠٠٤، ص١٢.
٢-علا لطفي مهدي، المؤشرات التخطيطية لتنمية الخدمات المجتمعية في مدينة الخضر، رسالة ماجستير، كلية الرتبية للعلوم االنسانية، قسم الجغرافية، جامعة المثنى،٢٠١٩.
٣-تركى حمود علي الجوراني،كفاءة الخدمات التعليمية (الابتداية والثاتوية) في القضاء الخالص، رسالة ماجستير (غير منشورة)، قدمت الى مجلس كلية التربية العلوم النسانية، جامعة ديالى، ٢٠١٣.
گۆڤارەکان
- منتهى احمد محمد النعيمي، التوزيع المكاني للخدمات الترفيهية و الترويحية في مدينة بغداد، مجلة الادارة والاقصاد-جاميعة المستنصرية، العدد ٧٨، بغداد، ٢٠٠٩.

نوسراو و بڵاوکراوە حوکمییەکان
جمهورية العراق وزارة التخطيط، الجهاز المركزي الحصاء، هيئة التعداد العام و الدراسات السكانية، نتائج ترقيم المباني و حصر السكان, للمحافضة السليمانية، لسنة ١٩٧٧-١٩٨٧.

سێیەم: سەرچاوە ئینگلیزییەکان
کتێب
Mokras-Grabowska, J. New urban recreational spaces. Attractiveness, infrastructure arrangements, identity.-The example of the city of ŁódŹ . Miscellanea Geographical, ٢٢)٤(, ٢٠١٨. p. ٢١٩-٢٢٤.

شەشەم: بەرنامە کۆمپیوتەرییەکان
ARC GIS, ARC Map V. ١٠,٨,١